# ناچاریی بژاردەکان

## وتووێژی "دێر شپیگڵ" لەگەڵ "ڕیناتا سالیکڵ"

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

ڕەنگە هەڵبژاردنی بژاردەکان(اختیار) لەنێو بەرهەمە فرەجۆر و زۆروزەوەندەکاندا لە ژیانماندا کارێکی قورس بێت، لێرەدا بەلای ڕیناتا سالیکڵی خانمە دەروونشیکاری سلۆڤینییەوە ئازادی هەڵبژاردنی بژاردەیەك لە جێیەکی دیکەوە ناڕاستەوخۆ ئاراستە دەکرێت، بەم مانایە ئەمە ئازادی نیە، مەسەلەکە هەر ئەوە نیە گەر بژاردەکانمان کەم بن ئەوا ئازادیی هەڵبژاردنی بژاردەکانیشمان بەرتەسکە، بەڵکو کتومت بەپێچەوانەوە، مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە کەوتوینەتە ناو فرەیی و لێشاوی بژاردەکانەوە، سەرەنجام ئەوەی هەڵیدەبژێرین بەتەواوەتی لەگەڵ کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا تەبا و هەماهەنگ دەبێتەوە.

ئازادیی هەڵبژاردنی بژاردەکان لەنێو ئەو ژمارە بێسنورەی بژاردە وەزیفییەکان یان هێما بازرگانییەکان و ئەو هەموو کەل و پەلانەی سەرمایەداری بەرهەمیاندەهێنێت و بگرە بیرکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی مارکەی شمەکێك یان ناوی قاوەیەك دواجار دەبێتە ئازادییەکی پووچ. ئەوەی ئەم لێشاوی بژاردانە بەڕێوەدەبات کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکەمانە. سالیکڵ لەم گفتوگۆیەی لەگەڵ گۆڤاری "دێر شپیگڵ"ـی ئەڵمانیدا باس لە تێزی خۆی دەربارەی سەرمایەداری و ئیختیار دەکات. (وەرگێڕ)

**دێر شپیگل: سالیکڵ خانم، لە لقە فاست فوودەکانی تۆنێلی میترۆکاندا (subway) دەبێت نیو دەرزەن بڕیاربدەین بەر لەوەی بتوانین لەفەیەك (ساندویچ) بە چێژەوە بخەینە دەممانەوە. ئایا کە لە دەرسگوتارەکانتدا باس لە "فرەیی بژاردەکان" دەکەیت، هەر مەبەستتان لەمەیە؟**

سالیکڵ: من هەوڵدەدەم خۆم لە شوێنگەلێکی وەکو تۆنێلەکان ببوێرم، خۆ ئەگەر ناچار بەوەیش ببم بچمە نێوی، ئەوا هەر دەبێت داوای ئەو جۆرە خواردنانە بکەم. کاتێك باس لە "ناچاریی بژاردەکان" tyranny of choice دەکەم، مەبەستم لەو ئایدۆلۆژیایەیە کە لە سەردەمی سەرمایەداریی پاش‌پیشەسازییدا هاتۆتە ئاراوە. مەسەلەکە لەگەڵ خەونی ئەمریکایی- بیرۆکەی "پیاوی خۆپێگەیێن" the self-made man ـدا دەستپێدەکات، پیاوێك کە کاردەکات بۆ بونیاتنانی خۆی و دەیەوێت لە هەژاری ڕزگاری ببێت و خۆی دەوڵەمەند بکات. ئەم چەمکە وەزیفییە لە ژیانی ئەمڕۆی جیهاندا گۆڕاوە و بووە بە فەلسەفە. لەمڕۆدا ئێمە پێمان وایە دەبێت توانای بژاردەکردنی هەموو شتێکمان هەبێت: شێوازی ژیانمان، شێوازی خۆدەرخستن و خۆنمایشکردنمان، تەنانەت وامان لێ‌هاتووە کاتێك کە قاوەیەکیشمان دەوێت، هەمیشە پێویستمان بە هەڵسەنگاندن و کێشانەی بڕیارەکانمانە. ئەمەیش بەهیچ جۆرێك ئاسایی نییە.

**دێر شپیگل: بۆچی؟**

سالیکڵ: چونکە هەمیشە هەست بە فشار و دوودڵی دەکەین، دەمانخاتە دۆخی هەستکردن بە تاوانیشەوە، چونکە بەپێی ئەم ئایدۆلۆژیایە کاتێك تۆ بەختەوەر نیت یان نارازیت ئەوا مانای ئەوەیە هەڵەت کردووە و بڕیارێکی خراپت داوە کە وای لێ کردوویت بەختەوەر نەبیت.

**دێر شپیگل: ئەی ئەگەر بڕیارێکی دروستمان دا؟**

سالیکڵ: لەم دۆخەدا هەست بەوە دەکەین هەمیشە شتێکی باشتر لە گۆشەی دواتردا چاوەڕوانمانە و دەبێ هەوڵی وەدەستهێنانی بدەین، هەر لەبەر ئەمەیشە هەرگیز هەست بە ڕەزامەندی ناکەین و دوودڵین لە مانەوە لەسەر شتێك.

**دێر شپیگڵ: "مەهێڵن کەسی ئاسایی common man بڕیار بدات چونکە وەك پێویست زیرەك نییە" ئەم ئەرگومێنتە چەند سەدەیەك لەلایەن ستەمکارەکانەوە بەکار هاتووە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان لەسەر هەقن؟**

سالیکڵ: نەخێر، من ڕەخنە لە ئازادیی سیاسی یان هەڵبژاردن (الإنتخابات) ناگرم، بەڵکو ڕەخنە لە شێواندنی ئەو چەمکە دەگرم لەلایەن سەرمایەدارییەوە، ئەو وەهمەی کە دەڵێت: من دەسەڵاتم بەسەر ژیانی تایبەتی خۆمدا هەیە.

**دێر شپیگڵ: بەڵام من ئەم دەسەڵاتەم بەسەر ژیانی خۆمدا هەیە. دەشتوانم خۆم بڕیاری ئەوە بدەم چیم دەوێت، تەنانەت ئەگەر بیرکردنەوە لەمە ببێتە هۆی شەکەتی و ماندووبوونیشم؟**

سالیکڵ: هەرگیز نەخێر، جارێکیان هاوڕێیەکم، کە دکتۆرێکی دەروونییە، شتێکی لەبارەی نەخۆشێکەوە بۆ گێرامەوە، پێی وتم کە خانمێکی نەخۆش سەردانی کردووە، نەخۆشەکە خوێندەوار و خاوەن وەزیفەیەکی باش و ماڵ و هاوسەرێکی دڵخوازیش بووە، بە دکتۆرەکەی وتبوو: "لە ژیانمدا هەر شتێك ڕاست و درووست بووبێت کردوومە، بەڵام هێشتایش بەختەوەر نیم". دواجار، ئەم نەخۆشە ئەو شتەی نەکردووە کە خۆی ئارەزووی لێی بووە، بەڵکو ئەوەی کردووە کە پێی وابووە کۆمەڵگە لێی چاوەڕوان دەکات.

**دێر شپیگڵ: ئایا ئەمە مانای وایە کە دەبێت هەوڵ بۆ بەختەوەریی تاکەکەسیی خۆمان بدەین؟**

سالیکڵ: ئەم تێگەیشتنە دیسان درووست نیە، ئەوەیش وەهمە. بەختەوەری بووە بە پێوەرێك کە دژی خۆمان بەکاری دەهێنین. دونیا پڕە لە گۆڤاری ژنانە کە بەردەوام پێمان دەڵێن بە چی دڵخۆش دەبین. دونیا پڕە لە هەواڵ و ستاتوسی فەیسبووك، تا پێمان بڵێت چەند کەسانی بەناوبانگ و ئەستێرەکان خاوەنی ژیانی خۆیانن و چێژی لێ دەبینن. تەنانەت هەندێ نیشانەی گەشەپێدان هەیە کە ئاستی بەختەوەری هەندێ لە گەلان دیاری دەکات. "دڵخۆشبوون" بووە بە ئەرکی یەکەمی کۆمەڵگەی شارستانی. ئەوەی لەگەڵ ئەم پێوەرانەدا هەماهەنگ و گونجاو نەبێت شکست دەهێنێت.

**دێر شپیگڵ: بەڵام دروشمێك motto هەیە دەڵێت هەموان دەتوانن بڕیاری تایبەت بە خۆیان بدەن، ئەمەیش توانای زیاتر دەدات بە خەڵك تا كۆنترۆڵیان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەبێت؟**

سالیكڵ: بەڵێ، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێكی ڕاستە. ئێمە هێشتایش دەسەڵاتمان بەسەر ئەو دەرەنجامانەدا ناشكێت كە لە هەڵبژاردنەكانمان دەكەوێتەوە. ئەمە هەنگاوی دواترە. ئێمە تەنیا پێویستمان بە ئازادیی هەڵبژاردن نیە، بەڵكو دەبێت بە مسۆگەری لەوەیش دڵنیابین كە ئەوەی هەڵیدەبژێرین كتومت بەو جۆرەیە كە وێنامان كردووە.

**دێر شپیگڵ: بۆچی ئێمە لەوە دەترسین بە هەڕەمەكی ڕەفتار بكەین؟**

سالیكڵ: چونكە هەر جارێك بڕیار لەبارەی شتێكەوە دەدەین، لەبەرامبەردا شتێكیش دەدۆڕێنین. كڕینی ئۆتۆمبێلێك نمونەیەكی ڕوونە. خەڵكانێكی زۆر هەن بەر لەوەی ئۆتۆمبێلێك بكڕن زۆر لایان بە بەهایە و دەینرخێنن، بەڵام دوای ئەوەیشی كە ئۆتۆمبێلەكە بەدەست دەهێنن هەر بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن ئۆتۆمبێلەكەیان بنرخێنرێت، وەك بڵێی دەیانەوێت دڵنیاببنەوە لەوەی كە ئیختیارەكەیان دروستە.

**دێر شپیگڵ: دەی ئەگەر هیچ بژاردەیەكم لە بەردەستدا نەبێت، بۆنمونە چونكە پارەم نیە هیچ شتێكی پێ بكڕم، ئایا بەمە بەختەوەر دەبم؟**

سالیكڵ: بەداخەوە نەخێر، یەكێك لە گرنگترین دەستكەوتەكانی سەرمایەداری ئەوەیە كە تەنانەت كۆیلەی پرۆلیتاریایش خۆی لێ دەبێتە سەرورەر. كۆیلە بڕوای وایە توانای ئەوەی هەیە ژیانی خۆی بگۆڕێت. پاڵنەری پشتەوەمان ئایدۆلۆژیای "پیاوی خۆ پێگەیێن"ـە: ئێمە كاری زیاتر دەكەین، زیاتریش مەسرەف دەكەین، دواجار خۆیشمان مەسرەفدەكەین. سەرەنجامەكەیشی بێتاقەتی و وەڕزی، شەرەنگێزییەكی نەخۆشیئاسایە و ئەو نەخۆشییانەی تریشە كە شێوازەكانیتری ژیاندا دەردەكەون.

**دێر شپیگڵ: بۆچی بەم خراپییە مامەڵە لەگەڵ خۆمان دەكەین؟**

سالیکڵ: سیگمۆند فرۆید بەکردەیی ئەوەی دەرخست کە ئازار، بەشێوەی سەیر و مازۆخی، چێژمان پێ دەدات. ناچاریی بژاردەکان ئەم کەلێنە دەقۆزێتەوە، کەلتوری مەسرەفگەرایی Consumer culture وەرزمان دەکات. ئێمە ئازار دەچێژین. هەر لەبەرئەمەیش خۆمان وێران دەکەین و ناتوانین بوەستین.

**دێر شپیگڵ: بەڵام لەڕاستیدا ئێمە قوربانییەکە نین. پاش هەموو شتێك ئێمە خۆمان ئەم سیستەمەمان دروست کردووە و هەتا ئێمە مەسرەف بکەین ئەویش هەر دەمێنێت. دواجار سەرمایەداری تەنیا ئاوێنەی سروشتی مرۆڤە؟**

سالیکڵ: ئەمە ڕاستە. فرۆید ئەوەیشی وتووە کە خۆمان نیرۆس(عوساب)ـی خۆمان هەڵدەبژێرین، سەرمایەداری نیرۆسی مرۆڤایەتییە.

**دێر شپیگڵ: شێوازی تریش بۆ ئەمە هەیە. ڕیستۆرانتێك لە لەندەن هەیە تەنیا یەك جۆری خواردن پێشکەش دەکات کەچی خەڵکی لە دەرەوە ڕیزی بۆ دەگرن بۆ ئەوەی تاقیی بکەنەوە. کۆمپانیایەکیش لە بەرلین تیشێرت دەفرۆشێت بێ ئەوەی یەکەمجار پیشانی کڕیارەکانی بدات.**

سالیکڵ: ئەمە ستراتیژییەتێکی بازاڕپەیداکردن marketing ـی زیرەکانەیە. دەتوانین لەگەڵ منداڵانیشدا هەمان شت ببینین. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکان فیلمێك بۆ سەیرکردن هەڵبژێرن، زۆرجار هەست بەوە دەکەن لەدەستیان چووە. لە لایەکی دیکەیشەوە، ئەگەر پێیان بڵێم "با بچین تەماشای فیلمی جیمس بۆند بکەین"، زۆرجار دەڵێن: "نا، هەموو شتێك بەس ئەوەیان نا"، ئەگەر سنوورێکیش بوونی نەبێت ئەوا ئێمە خۆمان سنووری دیاری دەکەین.

**دێر شپیگڵ: تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت ئازاد بین؟**

سالیکڵ: نەخێر، بەڵام دەتوانین ژیانێکی ئاسوودەترمان هەبێت. دەتوانین قەبووڵی ئەوە بکەین بڕیارەکانمان عەقڵانی نین و ئێمە هەمیشە لەنێو سیاقی کۆمەڵگەدا گیرۆدەین؛ هەموو جارێکیش کە

شتێك لەدەست دەدەین شتێکی تر هەڵدەبژێرین، هەر بە ڕاستی ئێمە دەستمان بەسەر سەرەنجامی بڕیارەکانماندا ناشکێت.

سەرچاوەکان:

- مجتمعنا الرأسمالي الحديث يحكمه "طغيان الإختيار"، مقابلة مع الفليلسوفة ريناتا ساليكل، http://elaph.com/Web/news/٢٠١٣/٦/٨٢٠٧٢٥.html

- Philosopher Renata Salecl: 'Capitalism Is Humanity's Neurosis, "on the tyranny of choice" http://www.spiegel.de